# خۆپیشاندانەکانی باکور و هەرووستەیەک

شاخەوان شۆڕش
8.4.2006

کێشەی کورد لە باکوری کوردستاندا خەریکە شێوە ڕەوتێکی دیکە بەخۆیەوە دەگرێت. بەو واتایە بەپێی ڕووداوەکان کێشەکە خەریکە دەچێتە قاوغی خۆپیشاندانی نەترسانەی ڕاستەوخۆی خەڵک بەرامبەر بە نارەوایەتی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی تورکان لە کوردستاندا. ئەو گۆڕانە (ئەگەر ناوی گۆڕانی لێ بنێین)، کە پێویستی بە سەرنجدان و هەرووستەیە، ڕێگایەکی گونجاو و کاریگەرانەیە بۆ گوشارخستنە سەر تورکیای کەمالیست، بە مەبەستی زیاترکردنی ئازادیەکان لەم قۆناغەدا، هەروەها کارکردن و خەبات بۆ بەدیهێنانی ئازادی تەواو. ئەم ڕقە ڕەوایەی خەڵک و خۆپیشاندانەکان پێویستە ئۆرگانیزە بکرێن و بخرێتە چوارچێوەیەک کە گوزارشت لە مافەکانی گەلی کوردستان بکات.

سەرەتا دەبێ ئەوە بیر بخەینەوە، کەوا دۆزی کورد لە باکوری کوردستان کێشەی گەلێکی خاک داگیرکراوە و چارەی ڕاستەقینەش جیابوونە و سەربەخۆیی ئەو بەشەیە. ستاتی تورکیا کە داگیرکەری ئەو بەشەی کوردستانە، ئەگەر سەرسەختترین نەبێ ئەوە یەکێ لەسەرسەختترین ستاتی ڕەگەزپەرستە لە جیهاندا. خەباتی ڕزگاری دژ بە ستاتێکی ئەوها نەتەوەپەرست سەختە بەڵام واتای ئەوە نییە، هیچ چارەیەک نەبێت، یا وابکات لە هەوڵی سەربەخۆیی بەناچاری وازبهێندرێت. وازهێنان لەهەوڵی خۆییبوون، ئاستی ناسنامەی نەتەوەیی گەلی کوردستان دەهێنێتەخوارەوە، دۆزی کورد لاواز دەکات، دەیکاتە کێشەیەکی ناوخۆیی و ڕەوایەتی دەداتە سەرداری ستاتی داگیرکەر لە کوردستاندا.
پێویستە گەلی کوردستان بۆ دروستکردنی ناسنامەی سەربەخۆ و خۆییبوون کار بکات، لەو ڕێگایەوەش دەتواندرێ کۆنسێپتی نکۆڵیکردنی بوونی کورد و مافەکانی لە باکوردا کە لەدوای ڕێکەوتنی لۆزانەوە پیادەکراوە، ناچاری پاشەکشە بکرێت. ڕەوتی خەباتی ناسیونالیستانەی باکور پێویستی بە پۆلیتیکەکی بوێر و تۆکمە لەو بارەیەوە هەیە. پێویستی بە لێکدانەوەی ڕاشیونالانە و ژیرانە هەیە.
من خەباتی کلاسیکیانەی چەکداری لە شاخەکانی کوردستاندا ڕاشیونالانە نابینم. ئەو ڕێگایە جگەلەوەی لە هیچ بەشێکی کوردستاندا نەیتوانیوە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، کۆمەڵێ دەرهاویشتەی زۆر خراپی هەمیشە لەگەڵ دابووە، وەکو: دەستتێکەڵاوکردن لەگەڵ ستاتی داگیرکەری ناوچە، پاوانکردنی ناوچەکانی کوردستان و پاکسازی یەکتر، بەکوشتدانی ڕۆڵەی کوردستان لە جەنگێکی نابەرابەردا، پەیدابوونی جاش و بەمجۆرە ناکۆکی ناوخۆیی، بارقورسی بەڕێوەبردنی هێزی چەکدار لەلایەنی ئابوریەوە، بارقورسی لەسەر گوندنشینەکان، کاولبوون و چۆڵبوونی ناوچەکانی کوردستان، زیانی ئابوری گەورە بەهۆی ئەو کاولبوون و چۆڵبوونە، دەربەدەری خێزانی دێهاتەکان و پەڕاگەندەییان لە شارەکاندا، لەێوە کێشەی بێکاری و بژێوی هتد. بەکورتی تێکچوونی ژیانی بە هەزاران خێزان و چوونیان بەرەو چارەنوسی نادیار. زیانی دوژمن چییە لەو جۆرە شەڕەدا؟ کوشتنی سەدان و ڕەنگە هەزاران سەرباز بێت، ئەوەش کێشەیەکی ئەوتۆ بۆ ستاتێکی دیکتاتۆر دروست ناکات، ڕژێمی داگیرکەر لەجیاتی سەربازە کوژراوەکان دوو ئەوەندەی دیکە سەرباز دەهێنێتەوە. دیارە چالاکی سەربازی بارقورسی ئابووری بۆ ستات بێگومان دروست دەکات، ستاتی دیکتاتۆر لەوبارەدا زۆرترین بوشێت بۆ خەرجی بەرگری و سەربازی تەرخان دەکات. ئەوەش لاسەنگی لە دارایی وڵات دروست دەکات، بەڵام زۆر سەختە بگاتە ئەو ڕادەییەی چۆک بە ستاتێکی بەهێزی وەکو تورکیا یا ئێران دابدات.
لەڕاستیدا ئەوەی لە خەباتی چەکداری لە شاخەکانی کوردستاندا زیانی پێدەکەوێت گەلی کوردستان و وڵاتی کوردستانە. بۆیە هیچ هۆشمەندییەک لەوەدا نییە کەوا بێیت بەدەستی خۆت ماڵی خۆت وێران بکەیت یا شەڕ بخەیتە ناو ماڵی خۆت. ڕاستە سوپای داگیرکەر گوند و دێهات دەسوتێنێت و ناوچەکان لە مرۆڤ چۆڵ دەکات، ئەوە لە زۆرترین باردا بەهۆی ئەو بیانوەیە کە خەباتی چەکداری دەیداتە دوژمن. ئەوە دەستکەوتە بۆ داگیرکەر کە بتوانێ بیانویەک بدۆزێتەوە، بێت و کوردستان کاول بکات و بە دواکەوتوویی بیهێڵێتەوە. دەستکەوتە بۆ دوژمن، ژێرخانی ئابوری کوردستان و داهاتی ناوخۆی کوردستان خاپوور بکات. دەستکەوتە بۆ دوژمن کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە گێژاوی ناکۆکی و لێکترازان، هەزاران خێزان ناچاری کۆچکردن بەرەو وڵاتی تورکان بکات و لەوێ بەرەورووی توانەوە ببن.

شایانی گوتنە ڕاپەڕینی خەڵکی باکوری داگیرکراو تەنها لە ئەنجامی سەندنەوەی تەرمی هەندێ پارتیزان و گەریلا نییە، ئەوە دەرهاویشتەی ئازارێکی کەڵەکەبووی گەورەیە کە لە ئەنجامی چەوساندنەوەیەکی سیستەماتیکی هەمیشەیی دەیان ساڵە دروست بووە. گەلی کوردستان جامی بێدەنگی پڕ بووە، بەڕووی داگیرکەری ڕەگەزپەرست و کەمالیستی تورک دەتەقێتەوە و دەیەوێت دەرد و زامەکانی بگەیەنێتە دەوروبەر و جیهان. تورە و زام لەدڵ بە دوای چارەسەر بۆ دەرد و مەینەتیەکانی دەگەڕێت.

بەڵام بەبێ پرۆگرامی داڕێژراو سەختە چارەسەر بیتەدی، کە بەداخەوە من لەو خۆپیشاندانانە نایبینم. پارتە کوردیە دانپێنراوەکانی ناو تورکیا داواکاریەکانیان زیاتر لە چوارچێوەی مافی کەلتووری خۆی دەدۆزێتەوە. لاوازی و دڵەڕاوکێ بە داواکاریەکانیانەوە دیارە. ئەوان دەبێ هەمیشە بیر لەو سنورانە کە ستاتی داگیرکەری تورک بۆی داناون، بکەنەوە. ئەو سنورانەی لەسەر بنچینەی نکۆڵیکردنی ناسیۆنی کورد داڕشتراون. بۆیە ئەوان ناتوانن یا سەختە بتوانن هەنگاوی گونجاو کە ڕەنگ لە بەها نەتەوایەتیەکان دەداتەوە، بهاوێژن. پارتی کرێکارانی کوردستان "پەکەکە" وەکو بەهێزترین هێزی چەکداری دژ بە تورکیا، خەباتێکی کلاسیکیانەی چەکداری دەکات، ماوە ماوە ناوی خۆی دەگۆڕێت و لەگەڵیدا ئامانجەکانیشی دەگۆڕێت. جارێک خەبات بۆ سەربەخۆیی دەکات، یا 180 پلە دەگۆڕێت و خەبات بۆ مافی کەلتوری و دیموکراتیزەکردن دەکات و هەموو هەوڵێک بۆ سەربەخۆیی ڕەت دەکاتەوە، یانیش پێشنیاری کۆنفیدرالیزم بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان دەکات! ئەو هەموو هەڵسان و دابەزینە لە ئامانج، یا هەوڵی پەلهاویشتن بۆ ئەوبەر و ئەمبەر، یا بوونی بیرۆکەی فراوانخوازانە گوزارشت لە قەیرانی دەرونی، ناسنامە، مەبەست و ویستی ئەو پارتە دەکەن. ئەوە جگەلەوەی پەکەکە یا کۆنگرەی گەل یا کۆما کۆمەڵێ کوردستان، ڕێکخراوێکی بەرزەفڕە و وەکو هەندێ پارتی دیکەی ناسراوی کوردستان خەون بە پێشڕەویەوە دەبینێت و سەرۆکەکەیشی بە تەنها ڕێبەری ڕەوای گەل دەبینێت.

پێویستە پارتەکانی کوردستان ڕیالیستانە لە بوونی خۆیان و توانای خۆیان بڕوانن، ڕیالیستانە سەیری گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و جیهان بکەن. ئەوان هەر یەکەیان ڕێکخراوێکی ڕامیاری ناو کۆمەڵگەن، وەکو هەر دیاردەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی دەستکردی مرۆڤن و لە ئاسمان دانەبەزیون. بەرزەفڕی، بانگاشەی پارتی پێشڕەو، پیرۆزکردنی پارت و سەرۆک سوودبەخش نەبووین و نین، مێژوو ئەوەی لە چەندین وڵاتدا سەلماندووە. ڕەوتی بەرزەفڕی، گەل پارچە دەکات یەکی ناخات. گەلی کوردستان لە هیچ پارچەیەکی کوردستان پشتگیری تەنهای یەک سەرۆک یا یەک پارت و ڕێباز ناکات، بەڵکو خەڵک دابەشبوونەتە سەر چەندین پارت و ڕێکخراو. ئەوەش بەئەگەری زۆر لەئەنجامی بەرزبوونەوەی ئاستی لێکدانەوەی مرۆڤەکانە. پێویستە پارتە گەورەکانی کوردستان لەو ڕاستیە بگەن، بەمجۆرە واز لە داسەپاندنی بەرژەوندی و ئارەزوە تایبەتیەکانیان بهێنن.

باکور پێویستی بە یەکخستنی هەوڵەکان هەیە، پێویستی بە هاوکاری پارت و ڕێکخراوە ڕامیاریەکان هەیە. پێویستە داواکاریە ڕامیاریان بە ڕوونی و بە زمانێکی ئاسان دیار بکرێن و نەترسانە بیخرێنەڕوو، وابکات هەموو گەلی کوردستان تێی بگەن. بەمجۆرە خۆپیشاندان بۆ بەدیهێنانی ئەو داواکاریانە بێت و سنوری تەرم گەڕاندنەوە یا دادگاییکردنی تاوانبارێکی تورک ببەزێنێت.

خەباتی پێویست بۆ سەردەمی ئەمڕۆ، تەقوتۆقی شاخ نییە، بەڵکو خەباتی پەروەردەکردن و مۆبیلیزەکردنی گەلە بە بیروباوەڕێکی ناسیونالیستانەی ئازادیخوازانە لەسەر بنچینەی هەوڵ بەرەو سەربەخۆیی و خۆجوداکردنەوە لە نەتەوەی داگیرکەر، کەلتوری کۆیلایەتی و ژێردەستەیی. گرنگی بدرێتە بەهاکانی ناسیۆن بوون، هەروەها دروستکردنی کەسایەتیەکی بەهاداری بەهێزی ناسیونالیستانە بۆ مرۆڤەکان، بەشێوەیەک مرۆڤی کورد چیتر خۆی پێ لە تورک کەمتر نەبێت، تورک بە ئاغا و مامۆستای خۆی نەزانێت، زمانی تورکی پێ لە زمانی کوردی باڵاتر نەبێت، ناسیۆنی تورک لە ناسیۆنی کورد باڵاتر نەبینێت هتد. ترس شکاندنی گەل لە نەتەوە و هێزی داگیرکەر زۆر گرنگە، بەبێ دروستکردنی کەسایەتیەکی بەهێز سەختە ئەوە بکرێت. سازکردنی مانگرتن، لاملیکردن، خۆپیشاندانی ناو شارەکان دژی نارەوایەتیەکان ڕێگای گونجاو و سەردەمانەن. پێویستە بیر لەوە بکرێتەوە چۆن دەکرێت گەل دژی هێزی داگیرکەر و دامودەزگاکانی یاخی بکرێت. چۆن دەکرێت گەل لە ورد و درشتی مافە نەتەوەیی و مرۆڤایەتیەکانی خۆی بگات و دەسەڵاتی داگیرکەری تورک لەسەر ئەو بنچینەیە ڕەتکاتەوە. هاوکات نارەویەتیەکان بە جیهانی بکرێن و هەموو ڕێگایەک بۆ بەجیهانیکردنی کێشەکە و خۆپیشاندانەکان بەکار بهێندرێت. ستاتی تورکیا ئەو تورکیایەی پێشان نییە و گوشاری بەتایبەتی ئەوروپای لەسەرە، گوشاری جیهانی و ئەوروپایی کاریگەری پۆزەتیڤیان هەیە، پێویستە هەوڵ بۆ بەهێزترکردنی ئەو گوشارە بەردەوام بێت.

سەری ڕێز بۆ خەڵکی ئازا و گیانگەشانی خۆپیشاندانەکانی باکور